# پۆست ئایار!!

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

هەمیشە کارکردن بۆتە بەشێك لە ژیانیان، دەستی زبرومەینەتی و فەلاکەت و هیلاکی سات بەسات لە تەمەنیان ئەخوات، ژیانی ئەمان جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ کەسانی دیکەدا و سەعاتی کارکردنیان تەواو کەنەفتی کردوون،کەچی تا ئێستا کرێکار خاوەن بیمەو خاوەن پێگەی خۆی نیەو چەوساوەترین کائینی کۆمەڵگایە، بەڵام زۆرێکیش هەن کرێکارانیان کردۆتە کاڵایەکی سیاسی بۆ پەیداکردنی کرێ و پارە، کرێکاران لەم کۆمەڵگا تازە پێگەشتوانەی جیهانی سێدا لەگەڵ ئەوەی خاوەنی دەیان سەندیکاو یانەو سەنتەرو رێکخراوی خۆیانن بەڵام وەك دیکۆرو فۆرمی دەرەوەی ئەو رێکخراوانە بەکار هاتوون و وەکو پێویست نەبوونەتە کادیروکرێکاری رێکخراوەیی و ئۆرگەنایز،ئەگەرچی دەوترێت کرێکاران خاوەن سەروەری و رێزو ماف و ئازادیەکانی خۆیانن بەڵام هەریەك لەم چەمکانە لە بەردەم سیاسەتی بیرۆکراتیانەو حیزبیانەی رێکخراوو سەندیکاکاندا دەبنە وەهمێکی خۆش، ئەگەر بەتەنها ئێمە کرێکار وەك بزوێنەری عیمرانی و دروستکەری باڵەخانەو شەقام و ماڵ و دوکان وەربگرین ئەوا رۆژانە بەرهەمەکانیان دەبینین و جێدەستیان دیارە، بەڵام ئایا ئەو جێدەستە هیچ لە پرسی چاککردنی دۆخی کرێکاریی ئەگۆرێت؟ کرێکار لەم دۆخە تراژیدیەدا کراوەتە سومبولێکی ساختەو تەنها سوود لە کەسایەتیە مەعنەویەکەی وەرگیراوەو وەکو خۆی مامەڵەی لەگەڵدانەکراوە، ئەگەر سەندیکا ئیشی تەنها هەڵواسینی لافیتەو بەرزکردنەوەی کۆمەڵێك دروشم بێ و کرێکاریش لەو دۆخەدا بمێنێتەوە ئەوا هەڵەیە کرێکار وەکو داتاو فۆرمێکی مەدەنی بەکار بهێنین لە سەندیکاو رێکخراوە کرێکاریەکانداو وەکو سوتەمەنی دیموکراسی لێی بروانین، حەقە ئیتر کرێکار مافە بنەرەتیەکانی پشتگوێ نەخرێت و وەکو ئالەتی کارکردن بەکار نەهێنرێن چەنکە لە ناوکرێکاراندا ووزەگەلێکی شاراوەی مەعریفی و زانستی هەیەو بەجارێ فەرامۆشکراوەو گرنگە ئەو ووزانە ئاشکرا بکرێن نەك سواق بدرێن و کەبت بکرێن، یان بۆچی کرێکار وەکو کائین و هەبوویەکی کۆمەڵایەتی سەیرناکرێت ئەوەندەی وەك دەستی کارو بکەرێکی بەکاربەر دەبینرێت و لە (ناشوێنی) خۆیدا ئەهێڵرێتەوە چونکە بە بروای من کرێکار هێشتا خاوەنی شوێنی خۆی نیەو سادەترین گەریدەو جوڵاوی وڵاتەکەی خۆیەتی و هەرگیز بارە سایکۆلۆژی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و مەکانیەکەی جێگیر نییەو دەبێ جێگیر بکرێت، بۆیە شوێن وەکو رەمزێك بۆ حەوانەوەو بۆ شوناسی کرێکاریی گرنگیەکی حەتمی هەیەو بەبێ ئەم شوێنە ناکرێت باس لە چاککردنی گوزەرانی کرێکاران بکەین و رەنگە ئەو شوێنەش سەندیکا یان حیزبەکان نەبن، شوێن لێرەدا شوێنی بەرجەستەکردنی حەزو خولیاو ئارەزووەکانی کرێکارە نەك شوێنی بەئەندام بوون و رێکخستنی حیزبی، هەر کات کرێکاری کورد ئەگەر وەکو نمونە وەربگرین لەو ناشوێنییەی ئێستا رزگار بکەین و بیخەینە سەر سکەو شوێنی خۆی ئەوا بێگومان ئێمە نیوەی کۆمەڵگایەکمان رزگارکرد لە دەست پەرتەوازەیی فکریی و پەرژوبڵاوی و کارەساتباری کرێکاریی.

ئێستا ئیتر دەبێ بە شەفافیەتەوە بپرسین ئایا تەنها لە ساڵی رابردوودا کە ئەو هەموو (ۆرك شۆپ) و کۆنفرانسە هونەریانەی کە بۆ کرێکاران رێکخرا لە بریتانیاو عەممان چەن کرێکاری فیعلی بەشداریان پێ کرا؟ لەبری چەند کرێکاری قوڕبەسەر خوشکەزاو کچەزای ئەو بەرپرس و ئەو بەرپرس دەعوەتکران، بەچەند کرێکار ووترا تۆ واز لەو تاسە چیمەنتۆیە بهێنەو لەسەر ئەو دیوارە وەرە خوارەوەو ئەوە پاسپۆرتێك تۆ سبەینێ دەچیت بۆ عەممان یان بریتانیا؟ ئەی کام کرێکاری دەست زبرو دڵ شکاوو دەسەرخێزانی تەنها یەك جار پێی ووترا ئەوە بەخششێك بۆ خۆت و منداڵەکانت و ئەوە شوقەو خانویەکی موجەهەز؟ چەند کرێکار شەوێك لە شەوان بە جلە شڕەکەی خۆیەوە لە کەناڵێکی فەزایی کوردیدا راستەوخۆ هێنرانە سەر شاشەو گوێ لە موعاناتیان گیرا وەکو کرێکار.

باشە کرێکار ماڤ ئەوەی نییە بەشداری پێبکرێ لە خولی پێگەیاندن و ۆرکشۆپاتی هۆشیاری و دونیابینی دەرەوەو گەشت و دوورکەوتنەوە و چاوپێکەوتنە میدیاییەکاندا؟ ئێمە لە میدیاو تیڤیەکاندا کرێکارێك نابینین برابنە دەرەوە یان ۆرك شۆپێکیان بینیبێ، هەر ئەوانە ئەبینین کە لەناو مەڵبەندو لقە حیزبیەکانەوە هاتوون و پێگەشتوون و بۆ هەمیشە پاسپۆرتەکانیان لە باخەڵیاندا هاوشانی پاکەتی جگەرەکانیان خەوی لێکەوتووە و قاتەکانی بەریشیان بۆ یەك جار دەقی نەشکاوەو وەکو وەزیفەش کاری رێکخراوەیی و سەندیکایی ئەکەن نەك وەکو ئەرکێکی مەدەنی؟! ئایا کرێکار چێژی نیەو حەزبە بینینی دەرەوەو جل و بەرگ و فەنتازیای جوان و ناو تەیارە و لەگززو مۆنیکا ناکات؟ ئەی مەگەر نابێ ئەوانیش پێبگەن و ببنە کادیری لێهاتووی پرۆفیشناڵ و سوود لە ئەزموونی سپیبوونی تاڵە سپیەکانی قژیان وەربگرن، خۆناکرێت تا ئەبەد

ئەوان بجولێن و تاڵی و کەسەری ژیان بیانچەمێنێ وەك گۆچان، بۆیە دەبێت ئیدی کرێکار لە جوغزی دروشمەوە دەربهێنرێت بۆ جوغزێکی واقیعی و ئەکتیڤانە بەشدارییان پێبکرێت لە هەر کارو چالاکیەك و ئەوەندە پەراوێز نەخرێن، هەمووئەمانەش لە ئەستۆی سەندیکاو دامەزراوە کرێکاریەکان و حکومەتی یەکگرتوودایە ئەگەر بڕیاربێ یەکگرتووبێ؟!